# وەڵامی گومانێک لەسەر لێبوردەیی ئیسلام

# جواب شبهة حول تسامح الإسلام

< kurdish – کوردی – كردي >

دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

الفريق الكردى فى موقع دار الإسلام

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# وەڵامی گومانێک لەسەر لێبوردەیی ئیسلام

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کرواە : -

**پرسیار** : وەڵامتان چیە بۆ ئەو کەسانەی تانە لە ئیسلام دەدەن و دەڵێن ئیسلام تاکاتێك لە مەککەدا لاواز بوو بانگەشەی تەساموح و لێبوردەی و پێکەوە ژیانی دەکرد، بەڵام کاتێك هێزی پەیدا کرد لە مەدینەدا ئیتر دەستی کرد بە توند و تیژی وسرینەوەی ئەوانی تر ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ..

**وەڵام** : سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

تەساموح و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لەشەریعەتی ئیسلامدا یەکێکە لە گرنگترین ئەو پایە و کۆڵەکانەی کە کۆمەڵگەی ئیسلامیان لەسەر بنیات دەنرێت، بۆیە دروستکردنی هەر جۆرە خەلەل وگرفتێکیش لەم بوارەدا کۆمەڵگەی ئیسلامی و ژیانی ڕۆژانە لەنگ ونا تەندروست دەبێت .

ئەو کاتەشی کە موسڵمانان لە شاری مەککە بوون، سەرەتا وبناغەیەکیان دانا بۆ ئەم پرسە گرنگە، بۆیە لەو پێناوەشدا دەردی سەری وچەرمەسەری زۆریان بینی و سەرجەمیان ڕووبەری سزای جەستەی و دەرونیش بوونەوە لەسەروو هەموویانەوە پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى ( صلى الله علیه وسلم )، بۆیە کار گەیشتبوە ئاستێك کە زۆرێك لەو هاوەڵانەی کە پشت وپەنا ومەئوایەکیان نەبوو کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، ئەوانەشیان توانای ڕووبەڕوو بونەوەیان هەبوو لەگەڵ قورەیشدا چەند جارێك داوای ئەوەیان دەکرد لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم )،کە ڕووبەڕووی بێباوەڕان ببنەوە، بەڵام مادام پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم )، لە لایەن خوداوە مۆڵەتی نەدرابوو ڕازی نەبوو بە ڕوو بەڕووبونەوە وبەرگری لەخۆ کردن لەبەرامبەر قورەیشدا، تا ئەو کاتەی خوای گەورە فەرمانی کرد بە پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم )، کە کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە .

لەپاش کۆچکردن بۆ مەدینە قۆناغێکی تری بانگەواز و فروانکردنی بەهەموو نیوە دوورگەی عەرەبیدا دەستی پێکرد،،،

بۆیە یەکێك لە وەڵامەکان بۆ ئەو گومان وتانە وتەشەرانە دەدرێت لە ئیسلام کە گوایە لەپاش کۆچکردن بۆ مەدینە بانگەشەی تەساموح وپیکەوە ژیان باوی نەما، ئەوەیە بەو کەسانە بوترێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )، یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی لە پاش کۆچکردن بۆ مەدینە پەیمان نامە و دەستوری مەدینە بوو، لەنێوان موسڵمانان و جولەکەکان بە هەرسێ تیرە و تایفەکەیەوە، لەو پەیمان نامە و دەستورەدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )، جولەکەکانی بە بەشێك وپێکهاتەیەکی گرنگی شاری مەدینە داناوە، ئازادی تەواوی پێدابوون لە مومارەسەکردنی شەعائیرەکانی ئاینی خۆیاندا، وە ئەوانیش وەك موسڵمانان ئەرکی پاراستنی مەدینەیان لە ئەستۆدایە، واتا: موسڵمانان لە ئەرك و مافدا یەکسان بوون، تەنها هێندە هەبوو کە سیادە وسەروەری بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بوو، ئەویش وەك ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت وراپەڕاندنی کاروباری خەڵکی، موسڵمانانیش پابەندی ئەم گرێ بەستە بوون تا ئەو کاتەی کە جولەکەکان خیانەتیان کرد و پەیمانەکەیان شکاند ودەستیان کرد بە پیلان گێران لە موسڵمانان، بۆیە پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم ) هەستا بە دوور خستنەوەیان لە شاری مەدینە، ئەویش نەك هەموویان بەجارێك، بەشێوەیەك هیچ تایفەیەکیانی تاوانبار نەکرد بە خراپە و پەیمان شکێنی ئەوی تریان، بەڵکو هەڵسوکەوتی لەگەڵیان بە پێی هەڵسوکەوتی خۆیان بوو، نەك هەر هێندە بگرە تا رادەیەکیش چاوپۆشی لێکردن، بۆ نمونە کاتێك (بەنو نضير ) هەستان بە پیلان گێران بۆ کوشتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )، لەبەرامبەردا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) هەڵنەسا بە تۆڵە لێسەندنەوەیان بەو شێوەیەی کە ئەوان کردیان، بەڵکو تەنها ناچاری کردن شاری مەدینە چۆڵ بکەن، پێش ئەوانیش (بەنو قەينوقاع) هەستان بە دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتێکی موسڵمان و لێدان و سوکایەتی پێکردنی، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەوانیشی ووت کە دەبێت چۆڵی بکەن، دواجار لەهەموویان نەگریس تر (بەنو قريضە ) بوو کە هەستان بە پیلان گێڕان و دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ بێباوەڕانی قورەیش بۆ ڕوخاندن ولەبنەوە ریشە کێش کردنی ئەو دەوڵەتە تازەیەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بنیاتی نابوو لە جەنگی (ئەحزاب )دا، بۆیە بە ئەندازەی مەترسی خیانەت و پیلانەکەیان پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم ) هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردن، واتا : تا ئەو کاتەی ئەوانی تر بێوەی و پێکەوە ژیانیان هەڵبژار دبیت ئیسلامیش دەرگای لەسەر پشت

بووه، بەڵام کاتێك ناحەزان و دوژمنانی خەریکی پیلان و جەنگ وئاژاوه گێری بوو بن بێگومان ئیسلامیش دەستەوسان نابێت، ئەویش لە کۆتاییەوە هەر لەپێناو تەساموح و پێکەوە ژیان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی یە، بەڵگەش بۆ ئەمە بەدرێژای جەنگ و فتوحاتی ئیسلامی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و خەلیفە و ئەمیرەکانی ڕاسپاردە ووەصیەتی سەرکردەی سوپاکانیان کردووە کە هەرگیز کلێسا و دێر و مەعبدە و پەرستگای ئاینەکانی تر نەڕوخێنن، و ڕوهبان و قەشە و پیاوانی ئاینی نەکوژن، وە یەکەمین کارێکیش کە دەیکەن ئەوەیە کە سەرەتا خەڵکەکەی بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر ڕازی بوون وازیان لێ بهێنن، وە ئەگەر ڕازی نەبوون ئەوا بانگیان بکەن بۆ ڕازی بوون بە پێدانی (جزیە) بە موسڵمانان لەبەرامبەر پاراستنی ماڵو سامان و بازرگانیان، خۆ ئەگەر ڕازی نەبوون بەم پێشنیارەیش ئەو کاتە بانگیان بکەن بۆ ڕوو بەڕوو بونەوە ..

بە دانپێدانانی ناحەزانی ئیسلامیش ئەو هەڵسوکەوتەی کە ئیسلام کردوویەتی لەگەڵ نەیارانیدا لەو پەری ڕەوشت بەرزی و تەساموح و لێبوردەییدا بووە، بەشێوەیەك کە یاسا نیودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤیش لەم سەردەمەدا هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی یاسا نێودەوڵەتیەکانی ئیسلام، واقیع و شەڕە نەخوازراوەکانی صەلیبیەکان لەکۆن و ئەورپا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم سەردەمەدا باشترین شاهیدی و گەواهی ئەم ڕاستیەن ...

ئەم ڕاستەیش لەو کاتەدا زیاتر بەدەر دەکەوێت کە ژمارەیەك لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بێ ئەوەی سوپای ئیسلام بگاتە لایان، لەڕێگای بازرگانە موسڵمانەکانەوە موسڵمان بوون، واتا لەڕێگای جوانی ڕەوشت و تەساموح و لێبوردەیی موسڵمانانەوە ووڵاتانی وەك ئەندەنووسیا و مالیزیا و سەنغافورە ئیسلامیان قبوڵ کردووە ..

خوای گەورەش زاناترە ..